The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# کەمپینی پشتگیری لە برا ئێزدییەکان

# " ئێمەش هەموو ئێزدین "

**بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان**

**بەڕێز سەرجەم ڕێکخراوە خێر خوازەکان لە کوردستان**

**بەڕێزان کەسایەتییە دەوڵەمەند و خێرخوازەکانی گەلەکەمان**

ئێوەی بەڕێز هەروەکو ئاگادارن لەو کردە تیرۆریستییەی دژ بە برا ئێزیدییەکانی شەنگار و دەوروبەری کرا , کە بۆخۆی بەشێکە لە پرۆسەیەك بە هەموو پێوەرێك , کردەی کۆمەڵکوژیی و تاوانی دژی مرۆڤایەتییە دژیان بەڕێوە دەبردرێت , سەرباری زیانی زیاتر لە 810 شەهید و بریندار , کاولکارییەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا و زیانێکی مادی زۆر بە خەڵکی دەڤەرەکە کەوت , لە پێش ئەو کارەساتەش ژیانێکی مەرگەساتیان هەبوو . ئێمە ئەم کەس و لایەنانەی لە خوارەوە ناومان هاتووە داواتان لێدەکەین بە پەلە فریای ئەو خۆشەویستانەمان بکەون , دەنا لەبەرامبەر مێژوودا بەرپرس دەبن , ئێمە ئەم داواکارییانە دەخەینە بەر دەست ئێوەی بەڕێز :

- چاککردنەوە و دروستکردنەوەی هەموو ئەو ماڵ و جێگایانەی لەو کردە تیرۆرستییە و کردارەکانی پێشووتر زیانیان پێگەیشتووە .
- دابینکردنی ئاسایشی دەڤەرەکە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە , ئێمە نیگەرانین لەوەی هەزاران پێشمەرگە دەنێرن بۆ بەغدا , کەچی ئاسایشی ئەو برایانەمان ناپارێزن .
- ئەو قوتابیانەی لە خوێندن دابڕاون پێویستە لە زانکۆکانی کوردستان وەربگرترێنەوە .
- دابینکردنی بودجەیەك لەسەر ئەرکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەشەدان بە ناوچەکە .
- فریاخستنی کۆمەکی بە پەلە بۆ زیانلێکەوتوان و دابینکردنی بژێوییان .
- هەوڵی بەپەلەو جدی بدرێت بۆ گەڕاندنەوەی دەڤەرەکانی ئێزیدی نشین بۆ ناو هەرێمی کوردستان .

- بەشدارییپێکردنی زیاتری ئێزدییەکان لە پرۆسەی سیاسی و بەرێوەبەرایەتی کوردستان .
- سزادانی توندی هەر کەس و لایەنێك جیاکارییەکی ئاینی بەرامبەر بە ئێزیدییەکان لە کوردستان ئەنجام بدەن , یاخود بانگەشەی بۆ بکەن .
- گەراندنەوەی تەواوی گوندو زەوی ئێزیدییەکان , سزادانی توندی هەر کەس و لایەنێك سەرپێچی بکەن .

ناوەندی چاك

2007-8-19

بۆ ناردنی ناوەکان و پەیوەندیکردن :

Chak_org@yahoo.com

| ناو | پیشه | شوێنی ژیان |
|---|---|---|
| 1-عەلی قادر | هەڵسوڕاوی چاك | ئەڵمانیا |
| 2-ئارێز داراپوور | نووسەر | ئەڵمانیا |
| 3-ڕوناك شوانی | نووسەر | سوید |
| 4-عەدنان کۆچەر | هەڵسوڕاوی جەماوەری | بەریتانیا |
| 5-مستەفا حەسەن گەورە | نووسەر | دانمارك |
| 6-ڕوناك ئەحمەد | نووسەر | ئەڵمانیا |
| 7-قادر نادر | نووسەر | سوید |
| 8-گۆران هەڵەبجەیی | نووسەر | دانمارك |
| 9-عەلی مەحمود محەمەد | نووسەر | هۆڵەندا |
| 10-خەبات نەوزاد | ڕۆژنامەنووس | هەڵەبجە |
| 11-ڕزگار حەساری | ڕۆژنامەنووس | کەرکووك |

| | | |
|---|---|---|
| 12–تاهیر ڕەحیم | هەڵسوڕاوی چاك | ئەڵمانیا |
| 13–نەسرین شەفیق | | ئەڵمانیا |
| 14–خەندە تاهیر | قوتابی | ئەڵمانیا |
| 15–ڕزگار مام بۆرە | شاعیر | هەولێر |
| 16–ئەسکەندەر جەلال | چیرۆك نووس | سوید |
| 17–شاخەوان شۆڕش | لێکۆڵەوەر | دانمارك |
| 18–ئاسۆ قەشقە | هەڵسوڕاوی چاك | نەرویج |
| 19–محەمەد خێرواللە | ئەندازیاری کشتوکاڵ | ئەڵمانیا |
| 20–مەدیحە سۆفی | ئەندازیاری کشتوکاڵ | ئەڵمانیا |
| 21–هانا محمد خیرواللە | قوتابی | ئەڵمانیا |
| 22– هیشام ئاکرەیی | نووسەر و ڕۆژنامەوان | سوید |
| 23–ئاسۆ بیارەیی | نووسەر | سوید |
| 24–محمد بکر کریم | مامۆستا | سلێمانی |
| 25–عومەر فارس عەزیز | ڕۆژنامەنووس | هۆڵەندا |
| 26–گۆنا جاف | شاعیر | ئەڵمانیا |
| 27–کاوە سوور | نووسەر | کەنەدا |

لیستی پشتگیری دەزگاکان لەم کەمپینە " حیزب , ڕێکخراو , سایت ,ڕۆژنامە .... "

1– کوردستان نێت
2– دەنگی سەربەخۆ